## ئیعترافاتی حسین بروجردی

حسین بروجردی مرۆڤێکی شەلات و بێ پرەنسیب بوو، کە لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا بوو بە پاسدار و پاسەوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠ دا لەگەڵ ئەوان چوو بۆ سنە و پاشان سەقز و مەهاباد و لەوێ لەکاتی هاتنی خەڵخاڵیدا، بەشداریی گرتنی سەقز و دەست بەسەر کردنی لاوانی کوردی کرد و بەشداری ئیعدامەکانیش بوو، لە هەندێ شوێندا مەئمووری تەقاندنی گوللەی خەلاس لە سەری قوربانییەکان بوو.

ئەم کتێبە، لە راستیدا دەقی بیرەوەرییەکانییەتی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران تا ئەودەمەی بە گوێرەی قسەی خۆی، قینی لە دڵڕەقی و کوشت و کوشتاری کاربەدەستانی ئێران دەبێتەوە و پشتیان تێ دەکات، دەکەوێتە زیندان، ئینجا لە وڵات دێتەدەرێ و لە ئوروپا دەبێتە پەنابەر.

لە کتێبەکەدا بروجردی روخساری گڵاوی رژیمی کۆماری ئیسلامی دەردەخات. گەرچی بروجردی راستەوخۆ باسی بۆکان ناکات، بەڵام سەردەمی بوونی ئەو لە سە قز و مەهاباد، هەمان سەردەمە کە پاسدارانی ئێران بۆکانیشیان گرتەوە و چەند کەسی وەک شەهید ئەبوبەکری حەمیدی کە لە بۆکانەوە چووبونە سەقز، گیران، خەڵخاڵی حوکمی دان، و ئەمانیش ئیعدامیان کردن. ئەم کتێبە بەڵگەیەکی گرنگە بۆ دڕندەیی پاسداران لە ناوچەکە و بۆ مێژووی ئەو ساڵانەی بۆکان گەلێک بە کەڵکە. گەرچی لە زۆر شوێنی کتێبەکە دا ئاماژە بە کوردستان کراوە بەڵام لاپەڕە ٢٥٣ تا ٢٦٧ چالاکییەکانی بروجردی لە کوردستان دەگرێتەوە.

"پشت پردەهای انقلاب اسلامی – اعترافات حسین بروجردی، بە کوشش و ویرایش بهرام چوبینە، نشر نیما ٢٠٠٢، ٣١ + ٥١٤ صفحە، فارسی